Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10402

# چێوەی دارِشتەیی کۆ-زمانەوانی مەعریفی

**سالار فائق مجید[١]، صباح رشید قادر[٢]، بکر عمر علی[٣]**

١- بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەرِت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستانی عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین، هەرێمی کوردستانی عێراق

٣- بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق

**پوختە:**

کۆزمانەوانیی مەعریفی بوارێکی تازە و نوێی توێژینەوە زمانەوانییەکان هەوڵێکە بۆ پاساودان بە رەهەندە کۆمەڵایەتییە درکپێکراوەکان لە بواری زماندا، شیکردنەوەکە دەچێتە ئاستی بەکارهێنانی زمانەوە، توێژینەوە لەو بوارە دەبێتە مایەی بەیەگەیشتنی گەلێک بواری جۆراوجۆر، کە تیایدا کۆزمانەوانی و زمانەوانی درکپێکردن و لایەنە نەریتە سروشتیەکان، نەریتەکانی زمان دەگرێتەوە لێکۆڵینەوەکانی ئەو بوارە زیاتر پشت بە جیاوازیی زمانیی ناوخۆیی و پێشکەوتنی رێبازەکانی لێکۆڵینەوە دەبەستن، بەواتایەکی تر لەو جیاوازییانە دەکۆڵێتەوە، کە ئەنجامی بەکارهێنانی جیاوازی زمان و ئەو رێبازە جیاوازانەی لە لێکۆڵینەوەی زمانی، کە لە کۆزمانەوانیی مەعریفی بەکاردێت و دێتەکایەوە، بەوپێیە توێژینەوەکە لایەنی کۆمەڵایەتی و چەمکی جیاوازیە ناوخۆییەکانی زمان لەخۆ دەگرێت لەرووی رێبازی لێکۆڵینەوە. ئەو توێژینەوەیە کۆمەڵێک میکانیزمی ئەزمونگەری لە شیکردنەوەکان دەستەبەر دەکات، بەر لە هەر شیکردنەوەیەکی درکپێکردن بۆ کۆزمانەوانی درکپێکردن، هەندێک زاراوەی وەکو چێوە(Frame) و سیماکان (Attributes) ، دەروازەی فەرهەنگی (Lexical entries)، و مانای فەرهەنگی (Lexical meaning)، هەروەها گرێی و کەوانەکان لە بواری نواندنی هێماکارییەکاندا پێویستی بە شیکردنەوە هەیە، دەبێت لەو رێگە و رێبازانە بگەرِێین، کە توانایان هەیە بەشێوەیەکی گونجاو رەهەندە ئاڵۆز و ژمارەیەکی زۆر لە گۆرِانەکان لە خۆبگرن، کە تێکدەچرژێن و کارلێکدەکەن لەنێوان واتای چەمکی و هۆکارەکانی جیاوازیدا، کە دواتر دەبن بە سیماو بەهای سیماکان لە نواندنی رۆنانەکانی درکپێکردن دەردەکەون، لەوەدا توێژینەوەکە سێ بوار لەخۆ دەگرێ:- کە ئەمانەن جیاوازیی فەرهەنگی، فەرهەنگی واتایی، جۆراوجۆری رۆنانی، هەروەها جیاوازیی واتا و واتا جیاوازەکان لێکدەداتەوە.

***Article Info***

Received: August, 2023

Revised: August, 2023

Accepted: November, 2023

***Keywords***

چێوە، گرێی کەوانییەکان، سیما و بەهاکان، چەمکە قەوارەییەکان

***Corresponding Author***

salar.faeq@garmian.edu.krd

dr.sabahrashed@yahoo.com

bakir.ali@univsul.edu.iq

**پێشەکی:**

**ناوییشان و سنوری توێژینەوەکە:** ناونیشانی ئەو توێژینەوە بریتییە لە (چێوەی دارِشتەیی کۆ-زمانەوانی درکپێکردن)، تیایدا هەوڵدراوە یاساو کۆرِەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی درکپێکردن لەزماندا شیبکاتەوە، لێکدانەوەکە زیاتر بواری رێزمان و واتاسازی لەخۆدەگرێ، لە واتاسازیدا لێکدانەوەکان بەناچاری دەخرێتە نێو لێکدانەوە چەمکییەکانی بواری درکپێکردنەوە.

**کێشەی توێژینەوەکە:** ئەو توێژینەوە هەوڵێکە بۆ گرێدانی کۆزمانەوانی درکپێکردن بە زمانەوانی درکپێکردن، هەوڵدەدات وەڵامی دوو پرسیار بداتەوە:

١. بۆچی زمانزانی درکپێکردن هەوڵدەدات کار لەسەر جیاوازییەکان بکات؟

٢. بۆچی کۆزمانەوانی درکپێکردن گرنگی بەزمانەوانی درکپێکردن دەدات؟

ئەوەی پێویستە بوترێ کارکردن بۆ وەڵامی ئەو دوو پرسیارە لە بواری بەکارهێنانی زمان دەبێت.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

هەوڵێکە بۆ ناساندنی کۆزمانەوانیی درکپێکردن بەخوێنەری کورد، هەوڵدەدات بۆ هەڵێنجانی چەمکە چەسپاو و درکپێکراوەکان لە دوتۆێی کەلتوری کوردی و جیاوازییە ناوخۆییەکانی کۆماڵگای کوردی بخاتە بواری بەکارهێنان و بەنمونەکردنەوە.

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:

ڕێبازی پەیڕەوکراو لەو توێژینەوەیەدا لە نێوان شیکردنەوەیەکی وەسفی و پاساودانێکی لۆجیکی دەبێت بۆ هەموو دیاردە کۆزمانەوانییە درکپێکراوەکان.

## ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکدێت بەمشێوەی لای خواەوە:

بەشی یەکەم بەناونیشانی (چێوەی تیۆریی کۆزمانەوانیی مەعریفی)یەو چوار باس لەخۆ دەگرێت بەناونیشانی: (دەکەوتنی کۆزمانەوانیی مەعریفی)، (کۆزمانەوانیی مەعریفی، پەیوەندی و ڕێباز و سنور)، (چێوەی دارِشتەیی کۆزانیاری - کۆزمانەوانیی مەعریفی) و (پێناسە و لێکدانەوەی هەندێک لە بوارەکانی زمانەوانی مەعریفی). هەروەها بەشی دووەم بەناونیشانی (چێوەی دارِشتەیی کۆ-زمانەوانی درکپێکردن)ە لە سێ باس پێکدێت بە ناونیشانەکانی: (کۆزمانەوانی لە ڕوانگەی مەعریفەوە) ، (چێوەو چەمکەکانی) و (وێناکردن و نەخشەسازی چەمکەکان) لەکۆتاییدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە بەدەستهاتوون لە چەند خاڵێکدا دەخرێنەڕوو.

## بەشی یەکەم:

### ١. چێوەی تیۆریی دەرکەوتنی کۆ-زمانەوانیی مەعریفی

### ١-١. دەرکەوتنی کۆ-زمانەوانیی مەعریفی:

سەبارەت بە دەرکەوتن و جێبەجێکردنی لایەنی مەعریفی و بەستنەوەی بە کۆزمانەوانییەوە، کێڵگەی ئەو لێکدانەوەیە زیاتر لەچوارچێوەی جیاوازی و لێکچونی ڕێباز و چێوە تیۆرییەکەی لێکدانەوەکان سەبارەت بە زمانەوانی مەعریفی و کۆزمانەوانی هاتەکایە. ئێمە دەبێت کلیلەی تیۆریی و بنەما مەعریفییەکان لە چێوەی کۆزمانەوانیی مەعریفی پەیڕەو ڕێژ بکەین. ڕەوتی دروستبونی ئەو ئاراستە زمانەوانیە ڕووبەڕووی گەلێک تەونی ڕووبەڕووبونەوە و سنوربڕێ بووە. ئێمە زیاتر هەوڵی شیکردنەوەی ئەو زاراوانە دەدەین، کە بون بە بنەمایەک بۆ دەرکەوتنی ئەو کێڵگەیەی زمانەوانی، دەبێت بەو خاڵانەی خوارەوە کورتی بکەینەوە:

١. بنەما زمانی و زمانەوانییەکان، کە لەسەر بەکارهێنانی زماندا بونیاد نراون، دەبنە مایەی جیاوازیی ناوخۆیی ( Internal variation)، یان جۆراوجۆری ناوخۆیی لە زمانەکەدا.

٢. جیاوازیی واتایی (meaning variation)

٣. بەکارهێنانی یاساکان لە بەرامبەر بەکارهێنانی بنەمای چەمکەکان لە زماندا.

٤. پۆلکردن و بەکەرەستە کردنی جۆرە بنجییەکان. (prototype)

٥. کارلێکی نێوان زمان، کەلتور، ئایدۆلۆجی.

دەتوانین شیکردنەوەکان بەرینە ئاستی پەیپێبردن لە بواری کۆ-زمانەوانی مەعریفیدا. (بڕوانە Reif and putzand other (2014: 3

### ١-٢. کۆ-زمانەوانی مەعریفی، پەیوەندی و ڕێباز و سنور.

هەردەم لەو بوارەدا پرسیارێک دەخرایە ڕوو: ئێمە بۆچی پێویستمان بە کۆ-زمانەوانیی مەعریفی هەیە. سەرەتا هەوڵێک هەبو وەکو پرۆگرامێک جەختی لەسەر ئەوە بکاتەوە، کە دەبێت زمانەوانیی مەعریفی (Cognitive Linguistics) بەجۆرێک فراوانبکرێت، کە ڕووبەری شیکردنەوەی دەق و کارلێکەرییە کۆمەڵایەتییەکانیش بگرێتەوە (بڕوانە Langacker 1999: 376). لەوەدا بەشێکی پرسیارەکە وەڵامدراوەتەوە، بەڵام سەبارەت بەزاراوەی کۆ-زمانەوانیی مەعریفی، کە بەرامبەر (Cognitive Sociolinguistics) دەوەستێت، لەنێوان زاراوەکاندا زیاتر باوە و شوێنی خۆی گرتووە، بەڵام (Croft 2009) زاراوەی (Social cognitive Linguistics)ی بەکارهێنا، کە بەرامبەر زمانەوانی مەعریفیی کۆمەڵایەتی دەوەستێت، بۆ ئەوەی وەکو دەسپێکێک لەلایەن زمانەوانیی مەعریفییەوە، کە لەگەڵ زمانەوانیی کۆمەڵایەتی تێکچڕژانێک دروستبکەن (بڕوانە Croft 2009: 4)

سروشتی میکانیزمی ڕۆنانە چەمکی و ڕێزمانییەکان بەرەو میکانیزمی گوتار و کارلێکی کۆمەڵایەتیمان دەبات، کە هەردووکیان بەشێکن یان بەشێک بوون لە بنەما مەعریفییەکانی، بەڵام ئەو گرنگییەی پێنەدراوە، زۆربەی ئەو زانا و زمانەوانەی لەو بوارە کاریان کردوە لە بواری زمانەوانی مەعریفی داوایان دەکرد کەوا پرۆگرامێک دابنرێ بتوانێ ئامانجەکانی کۆزمانەوانی بپێکێت، لەپاڵ زمانەوانیی مەعریفی. لەچێوەی لێکدانەوەکاندا ئەوە دەردەکەوێت، کەوا پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان لایەنی زمانەوانی مەعریفی و کۆزمانەوانی هەیە. هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ یەکخستنیان، ئەو هەوڵانە لە بواری کۆزانیاریی کۆمەڵایەتی دراوە، بەتایبەت لە ڕووی ڕێکخستنی ئەو پرۆگرامانەی لەو بوارەدا یەکخراون، زۆربەی زانایان پێیانوایە، ئەو لایەنەی کە پێویستی زۆری هەیە بە لێکدانەوەی کۆزانیاری لایەنی کۆمەڵایەتییە هەربۆیەش، بەو ڕژدبونە کۆزمانەوانیی مەعریفی هاتە کایە. لە پۆلکردنی

بابەتەکان و بواری ئەو زانستەدا بۆچونی جیاواز هەیە، بەڵام کۆلکەیەکی هاوبەش لەنێوانیان بەدیدەکرێت، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین، پێداگری لەسەر ئەو خاڵە هاوبەشانەی نێوان زانایانی کۆمەڵایەتی و کۆزانیاری بکەین بۆ دەستنیشانکردنی ڕێڕەوێکی دروست بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە.

## ١-٣. چێوەی داڕشتەیی کۆزانیاری - کۆ-زمانەوانی

ئەو هەوڵانەی بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو بوارە دراوە دەکرێت لە چوار بواردا کۆبکرێتەوە

١. کارە تیۆرییەکانی کە پێداگری لەسەر هەندێک لایەنی بنچینەیی دەکەن، لەو لایەنەدا لایەنی جیاوازیی سیمانتیکی و جیاوازیی نێوان وانەوتراوەکان دەگرێتەوە.

٢. ڕوونکردنەوە لەسەر بنەمای بەکارهێنان (usage base)، و بنەمای ماددە ئاخاوتەییەکان، لەوەشدا دەبێ بە جیاوازیی زمانیدا بچینەوە، کە ئەویش بەشێکە لە مەعریفەی کۆمەڵایەتی.

٣. لێکۆڵینەوە لە مۆدەلە کەلتورییەکانی ناو هەمان کۆمەڵگە.

٤. لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئایدۆلۆجیایانە لەبارەی سیستەمە سیاسیە کۆمەڵایەتییەکان و ئابوری کۆمەڵایەتی. (بڕوانە Kristiansen and Derven 2008: 4)

بۆ تێگەیشتن لە چێوە و سنوری کۆزمانەوانی مەعریفی، دەبێ تاڕادەیەک بە داخراوی سەیری ئەو پاڵنەرانە بکەین، کە هەوڵیاندا ئەو بوار و کێڵگەیەی زمانەوانیی مەعریفی (cognitive linguistics) و کۆزمانەوانیی ( Socio Lnguistics) لێکنزیکبکەنەوە، و بازنەی ئەو ئەگەرانە بدۆزنەوە، کە ئەڵقەبەندی ئەو دوو بوارە دەکەن، لەپاڵ ئەو سنور بڕکێیانەی حوکمی ئەو نزیکبونەوە و گرێدانە دەکەن.

گەلێک پرسیار و ئاراستەی ئایندەیی بۆ گەشەکردنی کۆزمانەوانیی مەعریفی داڕێژرا، نزیکبونەوەی کۆزمانەوانی و زمانەوانیی مەعریفی بەو ڕاستییە تاقیکرایەوە، کەوا هەردوکیان زەمینەیەکی هاوبەشیان هەیە لەلایەن بنەما گشتییەکان و ڕێبازی لێکۆڵینەوەدا. بەواتای ئەوەی لەپاڵ جیاوازی لێکۆڵینەوەکانیان هەمان ڕێباز دەستەبەر دەکەن، ئەوەی تێبینیدەکرێت، کەوا بەدەر لە دەقی تێبینەکان ( Hudson 1996)، و وەکو نەخشەسازێکی زمانەوانیی مەعریفی، کە وەکو شێوازێکی ڕێزمانی وشە لە (2007) خستیەڕوو، زۆر بەڕوونی Hudson ئەوەی خستەڕوو (مەودای پێویستی بونی هەندێک مەسەلەی مەعریفی لە ڕێبازەکانی کۆزمانەوانی بەکاربهێنرێت، پێچەوانەکە ڕاستە) واتە زمان لە ڕێبازەکانی شیکردنەوە مەعریفییەکاندا بەکاربهێنرێت. لەبری ( Cognitive Linguistics) کورتکراوەی (CL) بەکاردەبەن بەواتای ئەوەی CL توانای ئەوەی هەیە، زنجیرە هاریکارییەک، لەهەندێ بوار و ڕووبەرەکانی کۆزمانەوانی بێنێتە کایە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کەوا بوارەکانی کۆزمانەوانیش سەر بە (CL) ەو لەلایەنی تیۆری و کارەکی (CL)دا ڕەنگدانەوەی دەبێت (بڕوانە Putz and Ofkers 2012: 3).

## ١-٤. پێناسە و لێکدانەوەی هەندێک لە بوارەکانی (CL)

لە دەرکەوتنی هەردوو لایەنی کۆزمانەوانی و زمانەوانیی مەعریفی، گرنگییەکی کرۆکداری دەدات بە بەکارهێنانی ئاسایی سیستەمی زمان و کۆزانینی بەکارهێنەری ئەو زمانە، زمانەوانە مەعریفییەکان بەرگری لە ڕێبازی بنەماکانی بەکارهێنان دەکەن، کە بەیەکێک لە باوەڕە سەرەکییەکانی زمانەوانیی مەعریفی دادەنرێت. زمانەوانیی بەکارهێنان / بەکارهێنانی زمان خۆی بەو گریمانەیەوە دەبەستێتەوە، لەوەی زمان تەنیا بریتییە لە کۆگایەکی یەکە فەرهەنگییەکان و ماناکانیان، کە گرێدراوی فۆرمێک بن، کە لە بەکارهێنانی ڕۆژانە بخرێتە کایەوە، بەڵام لەپاڵ ئەوەدا بەرهەمی ڕۆژانەی بەکارهێنانەکانیەتی و پشت بە ئەزمونی بەکارهێنەری زمانەکە دەبەستێت (بڕوانە Bybee 2007:17). Bybee لە 2007 و 2010 تیۆرێکی لەسەر بنەماکانی بەکارهێنانی زمان بڵاوکردەوە و تیایدا بە بنەماکانی مەعریفی گرێیدا. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە بۆچی ئەو بوارانەی ئاماژەمان پێدا لە بواری زمانەوانی و مەعریفی و کۆزمانەوانی و دواتریش کۆزمانەوانیی مەعریفی گرنگن، واتە بۆچی دەبێت ئەو گرنگییەی پێبدرێت، ئەوە بە بەرنامەیەک دادەنرێت، کە لە سەر بنەمای بەکارهێنانی زمانی بونیادنراوە. بەو هۆیەوە دەبێت زمانەوانیی مەعریفی سینتاکس لێکۆڵینەوە زمانەوانییە فەرهەنگییەکان بەشێوەیەکی بنچینەیی پێداگری لەسەر چەمک و سەرچاوەکان بکەن، بە واتای ئەوەی پشت بە ئەرکی چەمک و سەرچاوەکانی (Referential)، هێما زمانییەکان دەبەستێت. کۆزمانەوانیی مەعریفی هەوڵ بۆ فراوانکردنی یان کرانەوە لەڕووی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی زمان لە چێوەی هەرێم و کۆمەڵگاکانەوە دەدات، بەکارهێنەرەکانی هێما زمانییەکان لەخۆدەگرێت، بۆ ئەوەی وەکو بابەتی سەربەخۆ بخوێنرێت، یان وەکو هاوتەریب لەگەڵ ڕۆنانە چەمکییەکانەوە، واتاکان ڕەهەندێکی واتایی پێویست بۆ زمانەوانیی مەعریفی زیاددەکەن (بڕوانە Olivera 2000: 43).

ئەو بەرنامەیەی پشت بە بەکارهێنانی زمان دەبەستێت، زمانەوانیی مەعریفی لەگەڵ کۆزمانەوانی هەمان مەترسییەکان و بەربەستەکانیان دێتە ڕێگا، ئێمە دەبێت لێکۆڵینەوەکە بەو جۆرە دەستپێبکەین، بەو شێوەیەی کە سەربەخۆ و دوور لە سیاق بێت. دەق و بابەت و قسەکەر، کۆزمانەوانیی مەعریفی، قسەکەری زمانەکە بەشێوەیەکی سروشتی لەناو ئەرکە مەعریفییە کۆمەڵایەتیەکەی خۆیان دایاندەنێت و دەیکات بە چەقی گرنگیدانی خۆی. پەیوەندیی نێوان کۆمەڵگە و زمان بەشێوەیەکی بەرفراوان لە بواری کۆزمانەوانی و دەرونزانیی

کۆمەڵایەتیی زمان تاقیکراونەتەوە، بەڵام هیچ دیسپلینێکی زمانی مەعریفی لەو بوارەدا بەکارنەهێنراوە، هەروەها گریمانەیەکی کارەکی کارکردن لەناو چێوەی لێکدانەوەی زمانەوانیی مەعریفی کاردەکات، هەروەها لەسەر گریمانەی کۆزمانەوانیی مەعریفی، کە قاڵبێکی تیۆری بۆ (CL) دادەڕێژێت، لەوانەیە تیشکێکی نوێ بخاتە سەر کێشە کۆنەکە. (بڕوانە Palmer 1991: 16).

## بەشی دووەم/ چێوەی دارشتەیی کۆ-زمانەوانیی درکپێکردن

### ٢-١. کۆزمانەوانی لەڕوانگەی مەعریفەوە: The cognitive perspective in sociolinguistics

بەپێی ئەوەی کە هەندێک هۆکاری ڕازیکەر هەن لەوەی لە زمانەوانانیی مەعریفیدا دەبێت ئەو جیاوازییە ناوخۆییەی زمان (Language internal variation) بەهەند هەڵبگرین، لەبەرامبەردا جیاوازیی کۆمەڵایەتیش بخەینە بەر تیشکی لێکدانەوەکانمان، ئایا دەتوانین بەڵگەو بەهانەیەکی هاوشێوە لەبواری کۆزمانەوانیدا دابڕێژین؟ لە لایەکی ترەوە دەبێت بزانین زمانەوانی مەعریفی تاکو چەند ڕۆڵ و هاوکاری هەبووە لە بواری کۆ-زمانەوانیدا. ئەگەر وردتر بڵێین، چونکە لێکۆڵینەوە لە جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان بەپێی زمانەوانی مەعریفی، هێشتا لە قۆناغی سەرهەڵدان و گەشەکردندایە، گەر ئێمە بچینە بواری بەرنامەگەری لەو پرسیارەدا، لێرەدا ئاراستەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان ڕۆڵی لە بەدەستهێنانی جۆری وەڵامەکەدا دەبێت ، بۆ نمونە ئەگەر لێکدانەوەی واتا کاری بنچینەیی زمانەوانیی مەعریفی بێت، ئەوە پڕاوپڕ ئەو بوارەیە، کە پێویستمان پێیەتی بۆ گەڕان بەدوای داهێنان و سروشتێکی هەڵقوڵاو لە زمانەوانی مەعریفی بەرەو کۆزمانەوانی، یان بەواتایەکی تر هەڵهێنجانی کۆزمانەوانی لە زمانەوانی مەعریفییەوە. ئەو ڕێبازی لێکۆڵینەوەیە دوو لایەن لەخۆدەگرێ: لەلایەنی یەکەم: دەبێت ئێمە لە جیاوازیی واتا بکۆڵینەوە، لەلایەکی ترەوە لە واتای جیاوازی بکۆڵینەوە (بڕوانە kristiansen 2003: 69)

بۆ دیاریکردنی یان ڕوونکردنەوەی ئەو دوو لایەنە، دەبێت بەو پرسیارە دەستپێبکەین، کە لەلایەن سروشتی کۆزمانەوانیی مەعریفی لەخۆدەگرێت: ئایا جیاوازیی ناوخۆیی زمان کاریگەریی لە سەرهەڵدانی دیاردە زمانییەکاندا دەبێت ؟ ئەو دیاردانەی، کە لەلایەن زمانەوانیی مەعریفیەوە گرنگییەکی تایبەتی پێدەدرێت، بەڵام وەکو جیاوازیی واتایی، کە بوارو کێڵگەیی کارەکییە لە کۆزمانەوانیدا. زمانەوانان وای بۆ دەچن، کە پێوەرە هەرە کرۆکییەکان ئەوانەن، کەوا واتا دەچێتە دڵ و دەروازەی دەزگا کۆزمانەوانیەکانەوە بەگشتی، بەواتای ئەوەی دەخزێتەوە کونجی هەمو پرۆسەکانی زمانەوانی کۆمەڵایەتیەوە. ئەوە باشتر ڕووندەبێتەوە کاتێک ئێمە ڕێبازێکی ستاندارد لە توێژینەوەکانی سەبارەت جیاوازییە کۆمەڵایەتیەکان دەستەبەر دەکەین، کە چەمکی گۆڕاوە کۆزمانەوانییەکان لەخۆدەگرێت. بەشێوەیەکی سادەتر گەر ئێمە گۆڕاوەکان (یەکە)کانی کۆزمانەوانی وەکو بیرۆکەی کۆزمانەوانی ئێستایی / هاوچەرخ وەرگرین، ئەو کاتە گۆڕاوەکان دەبنە کۆمەڵێک ڕێگەی جێگرەوە بۆ دەربڕینی هەمان ئەرکی زمانی، یان واقیعی بەرجەستەکردنی توخمە زمانییەکان. هەر جێگرەوەیەک لەوانە گرنگییەکی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، گۆڕاوە کۆمەڵایەتی شێوازییەکان پێشتر گریمانەی ئەوە دەکەن، کە بژاردەی جیاواز هەیە بەگوتنی شتێک بە ڕێگەو شێوازی جیاواز، یان گۆڕاوەکان لە ڕووی بەهای سەرچاوە / ئاماژە بۆکراوەکە و بەهای ڕاستییەوە هاوتا و هاوسەنگن، بەڵام لە ڕووی گرنگیی کۆمەڵایەتی و شێوازەوە پێچەوانە دەوەستن (بڕوانە Labov 1972:271)

لێرەدا بۆجیاکردنەوەی بەها گۆڕاوەکان و گرنگیانەوە لەڕووی کۆمەڵایەتی و شێوازەوە، بەهاکان توخمە زمانییەکان / گۆڕاوە زمانیەکانی وەکو یەکەیەکی نابەرجەستە و دابڕاو لە هەموو سیاقێک وەردەگرن. زیاتریش دەچێتە چێوەی چەمکی مەعریفیەوە، بەڵام گرنگی کۆمەڵایەتی و شێوازی وابەستەی سیاق و هەڵوێستەکانە، لێرەدا زۆرجار ڕووبەڕووی پێکدادانی نێوان بەهانە و سیاقەکان دەبینەوە، لەلایەکی ترەوە لێرەدا گرنگی نێوان واتا و چەمک دەردەکەوێت. (بەپێی ئەوەی گۆڕاوە کۆ-زمایییەکان توخمێکی زمانی هەستیارە لەبەرامبەر ژمارەیەک گۆڕاوی دەرەکی لە دەرەوەی زمان وەکو توێژی کۆمەڵایەتی، یان تەمەن، یان ڕەگەز، پێگەی کۆمەڵەی جوگرافی، کۆمەڵەی نەژادی، یان جۆر و تۆماری شێوازی) لەبەر ئەوەی زۆربەی چەمکەکانی ئاماژەکردن بەگۆڕاوە کۆزمانەوانییەکان ئاماژە بە واتا دەکەن، لەبەر ئەوە گرنگە، کە توێژینەوە کۆزمانەوانییەکان گرنگییەکی باش بە سیمانتیک بدەن. کاتێک کە مامەڵە لەگەڵ واتادا دەکەین گەلێک بەربەست و ئەگەر دێتە پێشەوە. بەرکەوتن و کارلێککردنی واتا لەگەڵ سەرچاوەکانی تر واتای گۆڕاوەکان، هەروەها گرفتی. هاوسەنگی واتایی ( semantic equivalence) دەکرێت هەردوو کێشەکە ڕوونبکرێتەوە، ئەگەر سەیرێکی وردی واتا فەرهەنگییەکان ( Lexical meaning) بکەین، هەروەها واتا فەرهەنگییەکان بەسەر واتای ڕێزمانی و جۆرەکانی تری واتاش جێبەجێبکرێت.

یەکەم: تێبینی ئەوە دەکرێت، کەوا بژاردە فەرهەنگییەکان لە دەقدا، دەکرێ بە هۆکاری جیاواز لێکبدرێتەوە، ڕوونتر بڵێین، ناونیشانی دەقەکە؛ گەلێک جیاوازیی لە سروشتی کۆزمانەوانی و شێوازگەریی هەیە، بەلایەنی کەمەوە بۆ چەمکی جیاواز. بۆ نمونە قسەکەری زمانی ئینگلیزی بەریتانی بژاردەی جیاوازی

هەیە لە چاو قسەکەری زمانی ئینگلیزی_ ئەمریکیدا، ئەو جۆرە بژاردانە یان بژاردەی لەو جۆرە جیاوازی گۆڕاوەزمانییەکان لەنێوان ئەو دوو زمانەدا لەخۆدەگرێت. بژاردە فەرهەنگییەکانی ئەو جۆرە بریتییە لە هەڵبژاردنی دیاریکراو، و سنورداری چەمکەکان (وەکو ئەو بژاردانەی پەیوەندی بە بابەتەکەوە هەیە، هەڵبژاردنی وشەیەک لە بری وشەیەکی تر)، کە گوزارشت لە هەمان بابەت دەکات لە چێوەی هەمان چەمکدا، دەتوانین دەربڕاوە ئەمریکییەکە بناسینەوە، کاتێک باس لە وشەی لقەڕێگا (Subway) دەکەین، بەبەراورد لەگەڵ ئینگلیزی بەریتانی ژێرزەوی (Underground)، بەڵام وەکو جۆرێک لە ڕێگاکانی گواستنەوەی گشتی ئاماژە بەهەمان شت دەدەن. ئێمە دەکرێت ئەو جۆرە گۆڕاوە = / Subway .Underground

لێرەدا سەرەتا پێویستە زاراوەی - Onomasiology ڕونبکەینەوە، ئەو زاراوەیە زۆرجار لەبواری سیمانتیک بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەلێکدانەوەی ژمارەیەک لە چەمکەکان، کە پەیوەندی بەژمارەیەک فۆرمی زمانییەوە هەیە، بۆ نمونە ڕێگە جیاوازەکانی ڕێکخستنەوەی یەکە زمانییەکان لەڕووی چەمکەوە لە فەرهەنگی وشە هاوواتاکاندا (بڕوانە Crystal 2008: 339) لێرەدا زاراوەی ( Formal Onomasiology Variation) کە بە (FOV) کورتدەکرێتەوە، واتە جیاوازیی بۆماوەیی فەرمی گۆڕاوەکان لە بەرامبەر (Conceptual onomasiology variation) (COV) جیاوازیی بۆماوەیی چەمکەکان، کەتیایدا بژاردەی بابەتانە لەخۆ دەگرێ وەکو دوان لەبارەی گواستنەوەی گشتی لەدوان لەبارەی خواردنەوە، زیندەزانی، سەڵت (Bach)، سەبارەت بەجۆری سێیەمی جیاوازییەکە بریتییە لە - قسەکەر و ئەو جیاوازییەی پەیوەندی بەهەڵوێستەوە هەیە بە زاراوەی (Speakers and Situation related variation) (SSV). کە تیایدا هەمو سیما پەیوەندیدارەکان بەهەڵوێستی قسەکردنەکەوە دادات یان دادەپۆشێت. نەک تەنیا جیاوازیی دەقی گوتنەکە، کە لەگەڵ کەمێ یان زۆر لە تایبەتمەندییەکانی قسەکەرەوە دێت (وەکو ئەوەی ئایا قسەکەر ئەمریکییە یان بەریتانییە). (بڕوانە Dirk and Gitt 2010: 8)

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو سێ چەمکەی سەرەوە و مەودای کارکردنیان، دەکرێت ئێمە وەکو بەراوردکردنێک لەنێواندا ڕوونیانبکەینەوە، لە زاراوەی (FOV)، کە بە جیاوازیی بۆماوەیی فەرمی لێکماندایەوە، نمونەیەکی تر دێنینەوە، بۆ (تۆپی پێ) بەریتانییەکان (Foot ball) و ئەمریکییەکان (Soccer) بەکاردێنن، هەمان یاری و بەهەمان کەرەستە و هەمان سیستەمی یاریکردن، هەریەکێک لەوانە لە کەلتوری کەسانی وڵاتەکەی خۆی، وەکو بۆماوە جێگیر بووە، و دەکرێت لە ئاخاوتندا بەو گۆڕاوە (یەکە زمانییە) ئاخێوەر بناسیتەوە. لە زاراوەی دووەمدا (COV) جیاوازیی بۆماوەیی چەمکی، لێرەدا مامەڵە لەگەڵ چەمکە گشتییەکان دەکات، بۆ نمونە دیاردەی داپۆشین (hyponymy) پەیوەندییەکی واتایی لەنێوان دوو یەکەی فەرهەنگیدا دەخاتە ڕوو لەوەی واتای یەکەی یەکەم لەلایەن هی دووەمەوە دادەپۆشرێت، بۆ نمونە لەزمانی ئینگلیزی Flower = Rose هەردووکیان وەکو چەمک داپۆشەرن بۆ یەکەکانی تری وەکو:

Cloves, Dahlia, Tulip بڕوانە (Matthews 2007: 180)

زەنبەق، داليا، مێخەک

هەمویان لە چەمکە گشتیەکەی گوڵ (Flower, Rose)، کۆدەبنەوە و دەکەونە ژێر سایەی دوو هاوکێشەی لۆجیکیەوە.

١. ڕیزبەندیی لۆجیکی بۆ نمونە:

مێخەک = گوڵ

بەڵام مەرج نییە لەهەموو سیاقێکدا گوڵ = مێخەک ، کەواتە

گوڵ ≠ مێخەک

لای چەپی هاوکێشەکە لە پەیوەندیی ستونیدا دەبن و هەموو گوڵەکان کۆدەکاتەوە

وەکو: گوڵ = مێخەک

نەسرین

هەڵاڵە

داليا

: تەنیا یەکێکیان نیشانەی (گوڵ = ٠) وەردەگرێت، ئەوانەی هەمو دەبنە (گوڵ ≠ بە) وەردەگرن، بۆیە زۆر جار زاراوەی گرتنەوەش لەبری داپۆشین بەکاردێنن، بەڵام ئەو چەمکەش لە مێشکی قسەکەری زمانەکە هەندێ جار لق و تەمومژی تێدەکەوێت، چونکە ئێمە بەرامبەر بە نیوە داپۆشین و داپۆشینی لێڵ دەوەستین.

نیوە داپۆشین، ئەوکاتە ڕوودەدات کاتێ کە داپۆشەرەکە، لەگەڵ داپۆشراوەکان لەهەمان بەشە ئاخاوتن نەبن بۆ نمونە:

ڕەنگەکان (زەرد ، سور ، سەوز ، ..) ئاوەڵناون.

لە توخمی ئاوەڵناو شتێک نییە بتوانێ ئەوانە داپۆشێ، چونکە "ڕەنگ" ناوە نەک ئاوەڵناو؛

سەبارەت بە داپۆشینی لێڵ: بۆ نمونە هۆیەکانی گواستنەوە ڕێکەوتنی تەواوی لەسەر نییە و سنوردار ناکرێ، لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ (دووچەرخە - پاسکیل) بەهۆیەکانی گواستنەوە دانانرێ (بڕوانە وانەکانی محمد معروف فتاح، واتاسازی، زانکۆی سلێمانی، ٨-٧-١٩٩٩

٢. پەیوەندیی نێوان چەمکە گشتییەکە و ئەندامەکانی، پەیوەندییەکی ئاسۆیی دروستدەکات، پەیوەندییەکە جیاوازیی نێوان ئەندامەکانی دەبێت: بۆ نمونە: لە نێوان

مێخەک - دالیا

جیاوازی (Variation) دەبێ

لەزاراوەی (SSV) جیاوازی لە پەیوەندییە لە هەڵوێستەکاندا (situation related variation)

دەتوانرێت لەو زاراوەیە وا لێکبدرێتەوە:

قسەکەر و ئەو جیاوازییەی لە هەڵوێستەکە دێتە کایە، زۆرجار هەموو سیماکانی پەیوەست بەباری ئاخاوتنەکە، یان هەڵوێستی ئاخاوتنەکە دادەپۆشێت. نەک تەنیا جیاوازی دەقەکە، کە لەرێگەی یان بەهۆی تایبەتمەندییە جێگیرەکانی قسەکەرەوە پەیدا دەبێت، بۆ نمونە (قسەکەرەکە خەڵکی گەرمیانە، یان ناوچەی سۆران)ە: هەندێک شتی ڕاگوزاری و سەرپێی لەئاخاوتنەکە، کە بەبێ بیرکردنەوە دێنە ناو سیاق ئاخاوتنەکەوە، کە وەکو کارلێک و تێکەڵبونێک دێنە ناو سیاق پەیوەندیکردنەوە، وەکو ئەوەی ناوەڕۆکی ئاخاوتنەکە بریتییە لە گفتوگۆ یان مەنەلۆجێک (گۆڕینی شوێنی قسەکەر و وەرگر (گوێگر) بە بەردەوامی) ئەو لایەنە تاوەکو ئێستا پراوپڕ لێی نەکۆڵراوەتەوە، ئەو کارلێکردنە پێشبینیدەکرێت، و وەکو ئەوە وایە لە ئاراستەی جیاواز کار بکەیت. بۆ نمونە

وشەی گۆپاڵ لە ناوچەی سۆران


گۆچان لە ناوچەی گەرمیان

هەڵوێستی قسەکەر و وەرگرەکە، هەندێ شت دەسەپێنێ


١. شوانێکی گەرمیان → بەکارهێنەری گۆچان

٢. دروستکەرێکی گۆپاڵ ← دروستکەری گۆپاڵ

لێرەدا هەڵوێستە ئاخاوتنییەکە ئاراستەی گفتوگۆکە دەگۆڕێت نەک یەکە فەرهەنگییەکە، چونکە لە ناوچەی خۆشناوەتی بە (گۆپار) ناوی دەبەن، بۆیە گرێکانی هێڵکارییەکە لە کەوانەکان جیاوازییان دەبێ




هێڵکاریی ژمارە (١)




هێڵکاریی ژمارە (٢)

## ٢-٢. چێوە و چەمکەکان

دەکرێ چەمکەکان وەکو چێوە - Frame بنوێنرێ، وەکو ڕۆنانی بەهای سیماکان (attribute - value structure) چێوەکان بەهای تایبەت دەدەن بەسیماکان، لەوەدا چەمکەکان دەکرێ بۆ چوار دەستە پۆلبکرێن، بەپێی پەیوەندی و وابەستەیی و تاکرەوانەی بەهاکان و چاڵی سەرچاوەکان.

١. قەوارەی سەربەخۆ (sortal)، بریتییە لە چاڵێک یان قەوارەیەکی سەربەخۆ، زیاتر مەبەستی پۆلێکی داخراوە، بۆ نمونە ناوەکان: لە دەستەیەکی ڕێک ریزدەکرێت (بڕوانە (Matthews 2007:374

٢. تاکبەندی individual

٣. پەیوەندیی گونجاو proper relational

٤. چەمکی ئەرکی Functional concept


چێوە بەو جۆرە پێناسە دەکرێت، کەوا بریتییە لە وێنەی هێڵکاری، بەپێی گرێی و کەوانە و ناولێنراوەکان ئاراستە دەکرێت، هەروەها تاوتوێی وێنە هێڵکارییەکانی چێوەکان دەکات، بەپێی ئەو چوار چەمکەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا. بەوەش دەیەوێت پۆلی چەمکەکان سنورەکانیان دەسنیشان بکات،و پێناسەی نوێ بدات بە جۆری جۆرەکان و باری سیماکان لە چێوەکەدا، هەروەها ڕوونکردنەوەی پەیوەندیی نێوان چەمکە ئەرکییەکان و بەکارهێنانیان وەکو قەوارەی سەربەخۆ (sortal) و هەمو ئەو سیمایانەی پەیوەندی پێیانەوە هەیە. سەیری ئەو خشتەیەی خوارەوە بکە وەکو پۆلکردنی چەمکەکان.

| | سەرچاوەی ناتاکبەندی | سەرچاوەی تاکبەندی |
|---|---|---|
| | non-unique reference | unique reference |
| ناپەیوەندیدار Non- relational | SC, Sortal Concept person, house, verb, world | IC, Individual Concept Mary, pope, sun |
| پەیوەندیدار relational | RC, proper relational Concept. brother, argument entrance | FC, Functional Concept. Mother, meaning, distance, spouse |

هێڵكاریی ژمارە (٣) پۆلکردنی چەمکەکان (Wiekbe 2010:4)

لە لێکدانەوەی ئەو خشتەیەی پێشتردا، گەر ئێمە خشتەکە بەشێوەی ڕاستە هێڵی یەکتربڕ بنوێنین باشتر ڕووندەبێتەوە.

سەرچاوە / ئاماژە بۆکراوە نا-تاکبەندەکان




ئەوانە هەریەکەیان بە هەندێک سیمای واتایی لێکجیادەکرێنەوە، بەهەموویان چەمکێک دەدەن بەو کەرەستیەو بەهایەک دەدەن بە سیماکانیان بۆ نموونە

کەس = [ + مرۆڤ ، زیندو ، + کارا ، ..هتد]

خانو = [- زیندو ، + دەستکردی مرۆڤ ، + شوێنی حەوانەوە ، ..هتد]

کردار = [+ بەشە ئاخاوتن ، + سەرەی ڕستە ، .. هتد]


دار = [ + ڕووەک ، + وشک ، .. هتد]

ئەوانە لە چێوەی چەمکی (Sortal) ەکە کۆدەبنەوە

لە خوار ئەودا چەمکی RC


وابستەی ⟵ پەیوەندیدارییە.

برا، بۆ نموونە




پەیوەندییەکی گونجاوی بەهەموو ئەوانە دەبێ وەکو تۆڕێکی سیمانتیکی دروستکردنی چەمکێک وابستەیی بەکۆمەڵێ چەمکی ترەوە.

بەهەمان شێوە بۆ چەمکی (argument) ئەگەر بەواتای بەهانە / بەڵگە وەربگری




هێڵکاری ژمارە (٤)

هەریەکێک لەوانە بەکۆمەڵە کەرەستەیەکی ترەوە گرێدراون و بەهەموویانەوە چەمکێکی گشتی دەدەن بەچەمکی (بەهانە / بەڵگە)

سەبارەت بە دەروازە entrance

- دەکرێ دەروازەی شارێک بێت


- یان دەروازەی ماڵێک بێت

- دەروازەی نوسینی گوتارێک یان توێژینەوەیەک بێت.

- دەروازەی کردنەوەی ئاخاوتنێک بێت بۆ زەمینە خۆشکردن بۆ چونە ناو بابەتەکەوە.

لەخشتەی دووەمی لای ڕاستەوە، لە سەرەوە بەستراوی ئاماژەبۆکراوی تاکبەندییە ( unique reference) لە ئاستی ئاسۆیی، کەچی لەلای چەپەوە و لە ئاستی ستوونی بەستراوی نا-پەیوەندیدار و پەیوەندیدارییە ، ئەوانە دەبن بە بەهای سیماکان و هەندێک نموونەی تایبەت دەسەپێنن، کە تیایدا وەکو چەمک سەربەخۆن، بەڵام پەیوەندییەکیان پێکەوە دەبێت، سەیری ئەو ڕاستە هێڵانەی لای خوارەوە بکە:

ئاماژە بۆکراوی سەربەخۆ (UR)




لە چەمکی تاکبەندی ئاماژەبۆکراوەکانی ناپەیواندیداری، بۆنموونە IC (ماری ، پاپا ، ڕۆژ ،..) هەریەکێک لەوانە سیمای چەمکی بەپێی بەهای سیماکانیان سەربەخۆییەکیان تێدایە بۆ نموونە:

پاپا = [+ گەورەترین پیاوی ئاینی لەلای کریستیانەکاندا

[+ سەرۆکی ڤاتیکان، + نێر

[+ زانا بەزانستە ئاینیەکانی مەسیحی..

[+ سیما گشتییەکەی + مرۆڤە..

ماری = [ + مرۆڤ

[ - نێر

[ ± زیندو

ڕۆژ (خۆر)= [+ خاوەن تیشک

[+ جوڵە

[+ گەرمی

[+ ئەستێرە

لەبەرامبەردا لای خورەوە لە (FC) چەمکی ئەرکییەکەدا نموونەی (دایک ، واتا ، ماوە / دووری ، هاوسەر ،..)

سیمای دایک: [+ مرۆڤ ، +مێ ، +بەشو دراو ، - کچ ، .. ]

سیمای واتا: [+ ئاماژە ، + ڕوونکردنەوە ، + پێناسە ، .. ]

سیمای دووری: [- نزیکی ، + نێوان دووشت ، + لێکدان ، ..]


سیمای هاوسەر: [+ نێر ، + هەراش ، + تەندرووست ، ..]

ئەمانە هەموویان تایبەتمەندی تاکبەندییان تێدایە، هەندێکیان سەربەخۆن و هەندێکیان وابەستەی واتا و چەمکی ترن، بەگشتی لە مێشکی قسەکەر چێوەی چەمکێک دادەڕێژێ،

لەڕووی پەیوەندی هۆشەکییەوە سیماکانیان هەمان بەهایان دەبێ.

### ١-٦. وێناکردن و نەخشەسازی چەمکەکان:

هەندێ لە زاناکانی وێنەی (petersen و Werning) پێیانوایە، کە دەبێ چێوەی شیکردنەوەی چەمکەکان ڕوون و گونجاو و پتەو بن لەلایەنی مەعریفییەوە، و پێیانوایە نابێ هیچ توخمێکی تر بۆ ئەو مۆدەلە زیادبکرێت بە هەر هۆیەکی تەکنیکی یان ژمێرکاری بێت، ئەوەش ڕووندەکەنەوە، کە بەشێوەیەک دەکرێت مۆدەلەکە فراوانبکرێت بۆ ئەوەی هەموو کاریگەرییەکانی مەعریفە جۆراوجۆرەکان بەهەند وەربگرێت، لەمیانەی بەکارهێنانی (لەرەی تۆڕە دەمارییەکانەوە - Oscillatory neurol net) وەکو مۆدەلێکی زیندەوەرزانی بەکارهێنراو، کە ئەوە ڕووندەکاتەوە، چۆن (چێوەکان - Frames) لە توێکڵی مێشکدا cortex جێبەجێدەکەن و کارا دەکرێن، چونکە چێوەی چەمکەکان بریتین لە ڕۆنانی بەهایی ئەو سیمایانەی دووبارە دەبنەوە، هەر سیمایەک لە سیماکانی چێوە پەیوەندیی لەنێوان بابەت و قەوارەکاندا دروستدەکەن، ئەو بابەتانەی ئاماژە بەچەمکەکان دەکەن، ئەوەش بەهۆی ئەو چوار پۆلەی پێشتر ئاماژەمان پێدا، کە بریتی بون لە (قەوارە سەربەخۆکان، تاکبەندەکان، پەیوەندییە گونجاوەکان و پەیوەندییە ئەرکییەکان) ئەو پەیوەندییەی نێوانیان ئەو توخمانەی گشتی و هاوبەشن و جێگۆڕکێیان پێدەکرێت، لەبەرامبەردا کردەی دووبارە ئاراستەکردنی زمانی تایبەت بەو مۆدەلە، و لەبارەی گۆڕانی واتاکان بەپێی سیاقەکانەوە. (بڕوانە Petersen, werning 2007:16). سەبارەت بەهێمای سیماکان بۆ نمونە: سیمای ڕەگەز (attribute sex) لەچێوەی دەستنیشانکردنی ئافرەتدا یان بۆ هەر قەوارەیەک، کە ئاماژەی بۆ کراوە بەپێی ئەو نمونانەی (Barsalou 1992) خستییە ڕوو گریمانەی ئەوە دەکات، کەوا چێوە مەعریفییەکە دەستنیشانی سیما تاکەکانی شتەکان دەکات، بەوەش وەسفی پەیوەندییە ئەرکییەکانیان دەکات، بەهاکان خۆیان لەخۆیاندا دەکرێت ئاڵۆزبن complex value لق و چێوەی ئاڵۆز دروستدەکەن، دەکرێ چێوەکان لەمیانەی وێنە ڕونکراوەکاندا بەنمونە بکرێن، پەیوەندی بە ژمارەیەک گرێی (nodes) (جۆر)ەوە هەبێت و وابەستراوەی ژمارەیەک کەوانە (Arcs) بن واتە (سیماکان)، لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوە بدەین کەوا گرێکان (جۆرەکان) دەنوێنن و کەوانەکان سیماکان دەنوێنن.




هێڵکاری ژمارە (٥) چێوەی ئەسکیمۆ

ئەو وێنەیەی سەرەوە هێمایەکە، لۆگۆی ئەسکیمۆکان نیشاندەدات

وێنەکە وێنەیەکی ڕوونکردنەوە (رسم بیانی - graph)ی هێمایەکی نواندنی چێوەی مەعریفی (میلەتی ئەسکیمۆ)* تۆپەڵەیەکی سور بەدەسکێکی سەوزەوە، لەکارگەکان بەرهەمدێن. گرێی دووانەییەکان، گرێی چەقی چێوەیەکە، ئاماژە بەوە دەکات کە وێنە ڕونکراوەکە نواندنی چێوەیەکی مەعریفییە بۆ دارە دەستێکی ئەسکیمۆکان، کەواتە (بازنە) کۆتاییەکان ئاماژە بۆ نواندنی سیماکان و بەهاکانیان دەکات، بۆیە هەر کەسێکی ئەسکیمۆیی دەبێ ئەو دار دەستەیەی هەبێ، کە خۆی لەخۆیدا چێوەی ئاڵۆز دروست دەکات، هەردوو جۆرە چێوەکان سادە و ئاڵۆزەکان سێ سیما لەخۆدەگرن ئەوانیش (ڕەنگ ، شێوە ، بەرهەمهێنەرەکەی) ڕاستی ئەوەی هەردوو تۆپەڵەکە و داردەستەکە لە هەمان کارگە بەرهەمدێن، ئەو کاتە بە تاکە کارگە ئاماژەی بۆ دەکرێ، کاتێ کە ئاماژە بەدوو کارگە دەکرێ لەوەی تۆپەڵە مژمژەکە لە کارگەیەکی شیرینی لە بەلجیکا بەرهەمدێت و دارەکەی لە کارگەیەکی کاغەز لە کەنەدەدا (بڕوانە Carpenter 1992: 10).

پیتەرسن و کارپینتەر هەوڵی ئەوەیانداوە بەجیا ئەو وێنە ڕونکراوەیانە بەهاوکێشەی لۆجیکی چارەسەر بکەن، بەناوی پێناسە یان ناساندنی چێوە چەمکییەکان.

پێناسەی (١) Definition 1

جۆرێک لە جۆرەکان و ژمارەیەکی دیاریکراو لە سیماکان بەردەست بێ ئەو کاتە چێوەکە دەبێتە کۆمەڵە چێوەیەک:

F= (Q, 2, δ, ϴ, ↮)

Q = هەندێ گرێی دیاریکراو

Q ∋ 9 (ئەوە گرێی ناوەندی) یە / چەقە گرێ Q ∋ 2


* ئەسکیمۆ نەتەوەیەکن لە ئەمریکای باکور دەژین ئاین و داب و نەریتی خۆیان هەیە.

ئەرکی گوستنەوەی بەشێک. (δ: ATTR X Q → Q)
ئەرکی نوسینەوەی کۆی گرێکان (θ: Q → TYPE)
بریتیە لە پەیوەندی نا-پەکسانبونی هاوشێوە و دژە ڕەنگدانەوە ↔: ⊆ Q X Q)

ڕوونکردنەوەیەک لەسەر هاوکێشەیەک، لەپاڵ ئەوەی وێنەی ڕوونکردنەوە (graph)ە بنەڕەتییەکە لەگەڵ کۆمەڵە کەنارییەکان (پەراوێزییەکان) ئاراستە نەکراوە، بەواتای ئەوەی ئەو وێنە ڕوونکراوەیە بنەڕەتییە لە چێوەکەدا، ئەو وێنەیە دەبێت، کە لەگەڵ وێنەکە کەنارییەکان ئاراستە دەکرێن. ئەگەر ئێمە بڵێین، کەوا چێوەکە لە جۆری (t) یە، و ئەگەر ئەوە بۆ گرێی (2)ش ڕاستبێت، ئەو کاتە ئێمە دەڵێین گرێیەکە بریتیە (2 at node)، ئەگەر ئەوە بۆ چێوەی (a) ڕاست بێت، ئەوکاتە دەڵێین،، کەوا چێوەکە کەوانەی (a) = a arc لە کەوانەکەوە بۆ کەوانەکە دەبێت، کەوانەکە کە کۆتایی دەسەڵاتەکەیەتی لەگرێکەدا، هەندێک جار کەوانە ڕووەو گرێکە ئاراستە دەکرێت. پێچەوانەی چێوەکانی تر، دەبێ لێرەدا ئەوە بڵێین، کەوا ئێمە داوای ئەوە ناکەین، کە لە ڕێگەی چەقە گرێکەوە و بەهۆی کەوانە ئاڕاستە کراوەکەوە بگەین بە هەموو گرێکانی چێوەکە. جۆرەکان لە چێوەکەدا بە ڕیزکردنێکی هەرەمی ڕیزدەکرێن، هانی ئەوە دەدات، کەوا لە ڕیزبونی چێوەکان تێبگەین، ئێمە پێمان وایە لە نمونەکانی ئێمەدا ڕۆنانی سیماکان لە هەندێک پۆلی سروشتیدا کۆدەکاتەوە [ - ].


بۆیە دەکرێت وا بیر لە جۆرەکانی بکەینەوە، کەوا لەسەر بنەمای گشتی بونیدا وەکو هەرەمی بۆماوەیی ڕیزدەکرێن (بڕوانە هەمان سەرچاوە: 11)، بەڵام ئەو بۆچونەی کەوا پێیوایە لە ڕێگەی چەقە گرێیەکەوە دەتوانین بگەین بەزۆربەی گرێکانی ترەوە، بۆچونێکی باوە لەلایەن زۆربەی ئەو تیۆرانەی لە ڕۆنانی چێوەیان کۆڵیوەتەوە. گەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ وێنەی ئەو لۆگۆیەی وەکو هێمایەکی داردەستی نەتەوەی ئەسکیمۆ شیمانکردەوە، هێڵکارییەکە چەمکێک سەبارەت بە ڕۆنانی چێوەکە دەخاتە ڕوو، ئەو دووریانانەی چەمکێکی تری لێجیادەبێتەوە دەبێت بەرێگر لەوەی لە چەقە گرێوە بە هەمو گرێکان بگەین، دەبێ ئەوەش بڵێین، کەوا هاوکێشەکە، هاوکێشەیەکی لۆجیکییەو، بە دوو شێوە دەیخاتە ڕوو.

١. ئاراستە کردنێکی گرێی سەرەکی، بەبێ ئاراستەکردنی گرێی کەنارییەکان / پەراوێزییەکان، لێرەدا دەسەڵاتی چەقە گرێیەکە، لە گەیشتن بەگرێ لاوەکییەکان دەوەستێت، ئاراستەکە لە چەقەوە ڕووەو دەرەوەیە.




٢، ئەگەر ئاراستەی چەقەگرێی لەگەڵ گرێی پەراوێزییەکان پێکەوە ئاراستەکران ئەمجارە لە گرێ لاوەکییەکانەوە

ئاراستەیە بەرەو ناوەوە دێتەوە بە ئاراستەی جیاواز، دیسانەوە مەرج نییە لە ئاراستەی چەمکە گرێکەوە بگەڕێتەوە.




لەو هێڵکارییەی ژمارە (٥) بە دوو ڕێگای جیاواز بۆ نمونە دەگەین بە کارگە بەرهەمهێنەرەکە (Factory) هەم لە ڕێگەی (body) یەوە هەم لە ڕێگەی (stick)ەوە، ئەوەش دەسەڵاتی گرێ چەقیەکە سنوردار دەکات.

پێناسەی دووەم: ڕیزبونی هەرەمی جۆرەکان بریتیە لە کۆمەڵەیەک بەشە ڕیزبونێکی سنوردار، کە پەیوەندییەکی نیمچەیی دروستدەکات، بەواتای ئەوەی، کە بەشە نیمچەیی پێکەوە گرێدەدات، بە واتای هەبونی دووجۆرە لەسەرەوە (بەلایەنی کەم) گرێدراوی لقێکە لە جۆرەکە، دەکرێ بەو هاوکێشەیەی خوارەوە بنوێنرێت:-

t2 if t1 ⊒ t2
جۆری ئەگەر جۆری

بەواتای ئەوەی جۆری t1 لقە جۆرێکە لە جۆری t2 واتە هاوکێشەی t1 ⊒ t2

ئەوە دەگەیەنێ کەوا t1 بەکۆمەڵەیە لە t2

(بڕوانە Barsalou 1992: 74)

دواتر لە هێڵکارییەکەدا ڕۆنانی ئەو هاوکێشەیە باشتر ڕووندەبێتەوە، ئەوەش دوای خستنە ڕووی هاوکێشە لۆجیکیەکەی سێیەم.

پێناسەی سێیەم:

هەرەمێک بۆ جۆرەکە دەخاتە ڕوو (TYPE ⊒)

کۆمەڵە سیمایەکی دیاریکراو لە سیماکان، چێوەکە (Frame)

F = (Q, 2, δ, θ, ↔)

چێوەکی تر لە خۆدەگرێت بە دارشتنی

F1 = (Q1, 2-1, δ1, θ1, ↔1)

کە بەشێوەی (F ⊆ F1) ئاماژەی پێدەکرێ


ئەگەر تەنیا کۆ ئەرکەکەی لەخۆبگرێ total Function

(h: Q → Q1)

وەکو هەندێک گرێی دیاریکراو

h (-2) = -21

2 ∈ Q a ∈ (بڕوانە Petersen, 2010: 47)




نمونەی تێگەیشتن لە پێناسەی دووەم و سێیەم

لە وێنەکەدا سەرەتا دەبێت وەکو هاوکێشە و پێناسەی دووەم، هەرکام لە گرێکان دەکرێت بەسەرەکی دابنرێت، بە واتای ئەوەی هەردوکیان لەسەرەوە وەکو بەشە نیمچەیی دەردەکەون، چونکە هەردووکیان نیوە بەشێکن لەهێمایەک، بەڵام پێناسەی سێیەم دەکرێت وەکو جیاکردنەوە نمرە بۆ گرێکان دابنێین، لێرەدا دەکرێت گرێی (١) بەشێک بێت لە گرێی (٢)، پێچەوانەکەشی ڕاستە بەڵام لەهەندێک سیما گشتییەکان هاوبەشن، لەوەدا خاڵە هاوبەشەکانیان بەپێی بنەمای لۆجیکی یەکتربڕین intersection لەشێوەی SHAPE و ڕەنگ Color و بەرهەمهێنەر - producer هاوبەشن، ئەوانە دەکەونە چەق یان هەرێمی یەکتربڕینیان، ئەوانی تر کە هاوبەش نین دەکەونە ژێر بنەمای جیاوازی، بەڵام لە چەمکی یەکترگرتن Union کۆدەبنەوە لە ئەنجامدا بە هەردوو بنەمای یەکتربڕین و یەکگرتنەوە جۆرەکە دروستدەکەن، کە هێمای داردەستەکەیە.

## ئەنجامەکان:

١. هەڵێنجان لە ڕوانگەی زمانەوانی درکپێکردنەوە، دەسنیشانی دوولایەن دەکات بۆ ئەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان پێکەوە گرێ بدات، دەبێ ئەوە لە بەرچاو بگیرێت کەوا واتای زمانی خاوەن میکانیزمێک و شکڵێکە و ئینسکلۆپیدیاییەوە نا سەربەخۆیە، لە ئەنجامی بەکارهێنان و کەڵەکەبوونی زانیاریی مرۆڤەوە پەیدا دەبێ.

٢. زۆر جار لە هێمایەکی کەلتوریدا چەقەگرێکان لەرووی سیماکانەوە هاوتەریب دەوەستن و ڕێرەوی کەوانەکان یەکتر نابڕن.

٣. لێکۆڵینەوەی کۆزمانەوانی درکپێکردن، لەجیاوازییە ناوخۆییەکانی زمان ئەوە ناگەیەنێ، کەوا جیاوازی و گۆڕاوە زمانییە دەرەکییەکان لە لێکدانەوەی شیکردنەوەکانی بواری زمانەوانی درکپێکردن پشت گوێ دەخرێ، بەڵکو بەپێچەوانە هەڵوێستی قسەکەر و سیاقی قسەکردن و جۆری زمان و یەکە فەرهەنگییە گۆڕاوەکان ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە شیکردنەوەکاندا.

٤. ڕۆڵی ڕستەسازی و جۆری فۆنۆلۆجی زمانەکان، دەرکەوتنی کارا و باسلێکراوەکان و ونبونیان لە ئاخاوتندا کاریگەرییەکی بەرچاویان دەبێ لە دەرخستنی جیاوازییە ناوخۆییەکانی زمان و دارشتنی مەعریفی وێناکردن و پلانە زەینییەکاندا.

## سەرچاوەکان:

1. وانەکانی دکتۆرا (سیمانتیک) محمد معروف فتاح (١٩٩٩) زانکۆی سلێمانی.
2. Barsalou, L. W. (1992a). Cognitive scientists. New York Cambridge University press.
3. Bybee, J. (2007). Diachronic Linguistics. In the Oxford Handbook of cognitive Linguistics. New York: Oxford University Press.
4. Carpenter, B. (1992). The logic of Typed Feature Cambridge University press.
5. Croft, W. (2009). Towards a Social Cognitive Linguistics. In New Directions in Cognitive Linguistics. Amsterdam: Benjamins.
6. Crystal, D. (2008) 8thed, A Dictionary of Linguistics & phonetics, Blackwell publishing.
7. Geeraerts, D., Kristiansen, G. & Peirsman, Y. (2010). Advance in cognitive sociolinguistics New York: Mouton De Gruyter.
8. Kristiansen, G. (2003). How to do things with allophones: Linguistic stereo types as Cognitive reference points in Social Cognitive. moutered Gruyter.
9. Kristiansen, G. and Dirven, R. (2008). Cognitive Sociolinguistics. Language Variation, Cultural Models, Social systems, New York.
10. Labov, W. (1972). Sociolinguistics Patterns. University of Pennsylvania.

11. Langacker, R W (1999). Adynamic usage - based model. In Grammar and conceptualization, New York.
12. Matthews, P. H. (2007) Oxford Concise Dictionary of Linguistics. Oxford university Press.
13. Oliveros, A. (2000). Cognitive Reframing in Ghosts in the Nursery.
14. Palmer, G. (1996). Toward a theory of cultural Linguistics, Austin: University of Texas press.
15. Petersen, W. (2007). Decomposing concept with Frames, University of Latvia.
16. Petersen, W. (2014). Concept Composition in Frames, London. Springer.
17. Petersen, W. and Werning, M. (2007). Conceptual Finger prints: Lexical decomposition by means of Frames. Berlin Springer.
18. Reif, M., Robinson J & Putz, M. (2013). Variation in language and Use. Frankfurt m petelang